## بەیانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا بەبۆنەی یادی هەشتەهەمینی شۆرشی کوردوستانەوە

شۆرش گێرانی کوردوستان وگەلی کورد ئەمرۆ بۆجارێکی تر بە شانازیەوە یادی دەست پێ کردنی شۆرشی سەرفرازی کوردوستانی عیراق ئەکەنەوە کە بۆ مافە رەواکانی گەلی کورد و دیمکراتیەت بۆ گشت عیراق هەڵ گیرسا وە لەدژی دیکتاتوریەتو چەوسانەوەی نەتەوایەتی و بێ بەش لە ئازادیە دیمکراتیەکان سەر کردە کراوە •

لە ماوەی ئەم هەشتساڵەی رابوردوودا گەلی کورد دووچاری چەوسانەوەو کوشتن ولە ناوبردن بووە وە بە خەباتی تارەمانانەی بێ وچان قوربانی داوە و ئەدا لە رێگای ئازادی و هاتنەدیی ئامانجە پیروزەکانیدا بەم شێوەیە بەبێ گوێی دانە و ربانی خاکی کوردوستانی بەخوێنی رۆڵـــە تارەمانەکانی سوور کردووە • دوژمنانی گەلەکەمان هیچ درێغیی یەکیان نەکردووە لەم ماوە دوورو درێژەدا بۆ کوژانەوەو لەناو بردنی شۆرشی کوردوستان ئایا لە رووی بەکار هێنانی گشت سوپای عیراق وهەموو جورە چەکێکی نوێیی وە بیت یان لەرووی بەکار هێنانی بە کرێی گیراوان و خۆفرۆشان و پیلان نانەوە بوبیت بۆ تێکدانی شۆرش و ریزەکانی • بەلام سەرەرای شوفیەنیەت و کردەوەی پر دوژمنایەتی و نا مروڤایەتی کار بەدەستانی عیراق بە درێژایی ئەم هەشت ساڵە سەرکردایەتی شۆرش لەهەمو کاتێک و هەلێکدا ئامادەیی خۆی نیشان داوە بۆ چارە سەرکردنی کێشەی کوردوستان بە ئاشتی و گفتوگۆ وەلەسەر بنچینەی یەکسانی و برایەتی لە نێوان هەردوو گەلـــی کوردو عەرەب وە بۆدان نان بە مافە نەتەوایەتیە رەواکانی گەلی کورد کە بریتیە لـــە ئوتونومی بۆ کوردستان • بەلام ئەم ئامادیی یەی شورس وسەرکردایەتی شۆرش هەرچەنـــدە لە ۱۹٦۳ / ۱۹٦٤ / ۱۹٦٦ دا بوەهوی وەستاندنی شەرو رێککەتن لەبەر چونیتی هێنانەدیی مافە رەواکانی گەلی کورد لەناوەروەدا هەڵویستی کاربەدەستانی عیراقی نەگوری وە کە بریتیە لە هەوڵ دان بۆ لەناو بردنی شۆرش وچەوسانەوەی گەلی کورد وەبەشێکی زور دەرامەتی عیراق بۆ ئەم مەبەستە چەپەڵە نانیشتیمانیە بەکار دەهێنری سەرەرای وێران کردنی شارو دیهاتی کوردوستان ولە ناوبردنی بە رهەمی ئابوری کوردستان • ئەگەر بێتو کارەساتی ئەم هەشتساڵەی رابوردوو بخینەوە بەرچاومان بومان دەرئەکەویت کە لە ئەنجامی حکوم رانی هەموو ئەو دەستانەی هاتوونەتە سەر کار عیراقیان گەیاندوتە چ پلەیەک لە پشێویی وکاوولی ئابوری و کومەلایەتی •

کاربەدەستانی ئیستای عیراقیش کەلە ئەنجامی انقلابی ۱۷ ـ ۳۰ / تموز / ۱۹٦۸ دا هاتونەتە سەر کار هەتا ئیستا هەمان ریبازیان گرتوتە بەر بێ ئەوەی تاقی کردنەوەیە وەرگرن لە رووداوەکانی سالانی پیشوو بە تایبەتی لە ئەنجامی انقلابی گومان لی کراوی ۸ شباط ۱۹٦۳ کە هوی هەرە گرنگی رووخاندنیان ئەوە بوو کە شەرێکی نامروڤایەتی و فاشستی یان سەپاند بەسەر گەلی کوردا

بەلام لە ئەنجام دا هەر خویان دوو چاری ریسوایی وسەر ~~نگرۆ~~ نگوم بوون •

کار بەدەستانی بەعثی ئەم روی عیراق کەلە سەرەتای هاتنیانەوە گەلی بەلینیان دا بە چارە سەرکردنی کیشەکانی ولات وەلە سەروو هەمویانەوە کیشەی کوردستان وە حکومەتی عارفیان بەوە تاوان بار کرد کە کیشەی کوردوستانی چار نەکرد ~~بوئەوە//بوئەوە~~ بوئەوەی سوپای عیراق دوور بهیلنەوە لەبەر بەرەکانی امپریالیست و هیوهیەت بەرنگار کردنی شەری اسرائیل کە ولاتانی عەرەب دووچاری بوون ئەم تاوانە کە خرایە پال حکومەتی عارف تاوانیکی راستە بەلام ئایا خویان لەم رووەوە چی یان کردوە • ئەوەی راستی یە کیشەی کوردوستان ئالوز تر کرا وە سوپای عیراق لە شوینەکانی خوی واتە لە کوردوستان هیل رایەوە وە ریکەوتنەکەی ٢٩ / جزیران پی شیل کرا سەر لە نوی شەر لە کوردوستان هەل گیرسینرایەوە بە هەمان نیازوو خەیالی کونیان کە لە ناووبردنی ~~شورش~~ شورشی کوردوستانە •

ئیمە ی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا لەو کاتەدای کە بە پیویستی سەرشانمانی ئەزانین کە بەهەموو توانایەکمانەوە پاریزکاری لە گەلەکەمان بکەین ودەنگی بە گەلانی جیهان بگەیینین داوا لە کاربەدەستانی عیراق ئەکەین ~~ک~~ کە واز لە سیاسەتی سەرەرویی بهینیت و بەرزبیتەوە ئاستی بەرژەوەندی نیشتمانی •

ئەمەش تەنها بەوە ئە~~بیت~~ بیت کە مافە نەتەوایەتیە رەواکانی گەلی کورد دیار بکریت وجی بەجی بکریت وە لە سەروو هەمووەوە ئوتونومی بو کوردوستان وە کیشانەوەی سوپای لە کوردوستان و بەکار هینانی دژی امپریالیست و سەهیونیەت بو سەر خستنی بزوتنەوەی رزگاری لەناوچەکەدا •

ریگا خوش کردن بو چارەسەر کردنی کیشەی کوردوستان بە وەستاندنی شەرو هەل وەشاندنی داموودەزگای بەکری گیراوان و دەست پی کردنی گفتوگو لەگەل سەرکردایەتی شورش و پەسند کردنی پیش نیارەکانی ئەبیت لەم رووەوە کە بریی تیە لە گرتنی کونگرەیەکی نیشتمانیی لە نیونەرانی هەموو هیزوو ریکخراوە نیشتمانی وپیشکەوتوەکانی عیراق هەر وەها بەرپا کردنی دیموکراتیەت وبەرەلا کردنی ئازادیە دیمکراتیەکان بو هەموو ریکخراوو پارتەکانی عیراق و پیک هینانی حکومەتیکی ائتیلافی نیشتمانی باش ترین ریگایە بو ئەم مەبەستە •

بەر دەوام بوون لەسەر ریبازی دوژمنایەتی و تاوان بار کردنی شورش و سەرکردایەتی شورش و ناوو ناتوره لی نانی تەنها ریگا بو کونە پەرستان و امپریالیست خوش ئەکات کە تەواوی سوود لە باری ئیستای وگت وەر ئەگرن •

بە بونەی یادی شورشی وکردستانی پیروزەوە داوا لە گشت ئەندامانی کومەلە ئەکەین کە ریزیان پتەو تربکەنو ئامانجیان یەك خەن وە رادەیی چالاکی وتیکوشانیان بەرز بکەنەوە بو گەیاندنی دەنگی گەلی کوردی چەوساوە بو گەیاندنی بە ئامانجە روشنەکانی •

کونگرەمان پاڵ پشتیی خەباتی گەلانی عەرەبەکات دژی ئیمپریالیست و سەهیونیەت وە بو دیموکراتیەت و گورینی کومەلایەتی و ئابووری پیشکەوتوانە وە سلاویی گەرمی پیشکەش بە خوبەختکەرانی گەلی فەلەستینی ئەکات بو کە بو مافی چارە نووس ورزگاریە •

هەر وەها کونگرە داوای لابردنی دەستدریژی ئەکات کە تا ئیستا بەردەوامە لە خاکی ولاتە عەرەبیەکاندا وئەمەش لە سەر روشنایی بریارەکانی ولاتە یەکگرتوەکان •

هەر سەرکەوتنوو پتەوتر بیت ریزی کومەلەکەمان

سەرکەوتن وسەرفرازی بو گەلی کوردو شورشە تارەمانەکەی •

سکرتاریەتی کومیتەی بەریوەبەری گشتی

کومەلەی خویندکارانی کورد لە ئەوروپا

مانگی ٨ سالی ١٩٦٩